

# چەند کورتیلە چیرۆکێک..


بەکر دەروێش
(کەرکووک)


## هیچ

وتم: بنووسە.
وتی: چی بنووسم؟
وتم: هیچ.
نووسی هیچ.
وتم :بیخوێنەوە؟
وتی: چی بخوێنمەوە؟
وتم : هیچ.

## شار و شەقام

شارەکان پڕن لە شەقام، تەنیا شارەکەی ئێمە نەبێت هەم شار و هەم شەقامە.

## تفەنگ

سەربازێک لە جەنگ گەڕایەوە، لێیان پرسی کوا تفەنگەکەت؟
وتی: فیراری کرد.

## کۆتر

کۆترێکیان کردە نێچیر بۆ ڕاوەباز، گریا.

وتیان بۆ ئەگری، وتی بۆ ئەو ئاشتییەی کردتانە قوربانی جەنگ..

## سپاس

کاتێک لە شەقامە جەنجاڵەکە پەڕیمەوە، ژنێکی جوان بەرەو ڕووم هات، جانتاکەی لە دەستی کەوتەخوارەوە، هەڵم گرت و دامە دەستییەوە، بەدەم بزەیەکی شرینەوە وتی:
سپاس.
شەش مانگ بەو سپاسە ژیام، ئەی ئەگەر ماچێکی پێم بدایە! ئەبێ چەند ساڵ پێی بژیایەم؟.

## پرسیار

بەهۆی سەرقاڵیمەوە دەمێک بوو ڕووی خۆمم نەبینیبوو، ڕۆژێکیان لە ئاوێنەکەدا چاوم بەخۆم کەوت، خۆمم نەناسییەوە، لە منداڵەکانم پرسی وەرن بزانن ئەمە کێیە لە پشتی ئاوێنەکەدا خۆی مەلاس داوە، منداڵەکان بەهەڵەداوان هاتن، کە کابرای تاینیان بینی، دایان لە قاقای پێکەنین و وتیان باوە ئەوە خۆتی...
نازانم کێ... ئەم خەبەرە چۆن گەیشت بە خزم و دراوسێکانمان، لەو ڕۆژەوە بە شێتم ئەزانن و بە پارێزەوە هەڵسوکەوتم لەگەڵ ئەکەن، بۆیە ئەپرسم ئایا ئینسانێک خۆی نەناسێتەوە شێتە؟

## سێوێک

سێوێک هاتە بەردەرگا و وتی: بۆ تەنیا هەنار ئەبینن، منیش کچی ئەم نیشتمانەم، من لە سێوی لبنان و هیندستانیش جوانتر و بەتامترم، منیش لە باخەکانی ئەم وڵاتە پەروەردە بووم، منیش قژم درێژ و چاوم ڕەش و گەردنم زەردە، لێوم سوور و گۆنام ئاڵە، منیش خوشکی هەنارم، دەسێ بێنن بە قژی خاوی منیشا با پەنجەتان ببێ بە شەمعدان، با دڵتان ببێتە پەرستگەی خۆشەویستی...
کە ئەمەیان بیست هەموو پرتقاڵەکان لە شەرما ڕەنگیان زەرد داگەڕا..

## لیمۆ

لیمۆیەک لەسەر حەساری باخێکەوە ملی قوت کردەوە و بەدەم بزەوە وتی: منیش خڕوخەپانم، پڕم لە ئاوی حەیات، لە حەزی گوشین، لە مەراقی دەسبازی، ڕاستە ترشم، مزرم، وەلێ پەروەردەی ئەم خاکەم، بۆیە وەک سێو و هەنار جوانم، مەرهەمی هەزار دەردانم، تاوێ بمگوشن با دەمتان پڕکەم لە ئاوی ژیان....
هەموو گەڵاکان بە چەپڵەیەک لە ئامێزیان گرت، تکێ ئاوی ترش کەوتە بن دارسێوێک، ئێستا سێوەکان لە جیاتی شیرینی، مێخۆشن.

## هەنجیر

هەنجیرێک کە هێشتا بەدەم شنەی بای بەیانییەوە ئەشنایەوە، تازە دەمی لە خەوی گەیین کردبووەوە، جاروبار باوێشکی جوانی ئەدا، بەخۆبادانەوە وتی:
– کچی لە من نەرمونیانترتان دەس ناکەوێ بیکەنە مەزە، بۆ سەر سفرەی ماڵەکانتان، عەسران، وەختێ لە سێبەری جوانی خۆتانا کۆئەبنەوە، بمکەنە شرینی لێوە ئاڵەکانتان، منیش لە باخی هەنار و هەرمێ و سێو و لیمۆم، منیش کچی ئەم نیشتمانەم، شیلەی خۆشیم لێ ئەچۆڕێ... لەوساوە هەنجیر کچی گەورەی ماڵانە.

## ترێ

بۆڵێ ترێ، ترێیەکی ڕەشی قەترانی، لەژێر کەپرێکی مەستا، بەدەم خەنینە و سترانەوە وتی: وەرن، کوردەکان وەرن لە چاوی ڕەشی من بڕوانن، لە شەرابی سینەی من بخۆنەوە، بەمن خۆتان مەست کەن، خەمەکانتان بەن بەدەم باوە، منیش پەروەردەی قەدپاڵ و چیاکانی خۆتانم، منیش خوشکی سێو و پرتقاڵ و لیمۆ و هەنارم، شەرابی من خوێنی خۆتانە، گەرووی تینووتان بە من پاراو کەن، ڕۆژووی ئەمڕۆتان بەمن بشکێنن، با بە نەمری بمێننەوە... با بە نەمری بمێننەوە...
لەو ڕۆژەوە ترێ بووە بە خوێنی شەهیدەکانمان، بۆیە بە نەمری ماوەتەوە.